سەردانی سەرکی هەرەم بە ئێران ئەو بەستەلەکێی لابرد کە لە پێوەندیی ئێران و هەرەم هەستی پێکرا

مەحەمەد حاجی مەحموود، سەرکی پارتی سیاسیلست دیموکراتی کوردستان لە لەدوانەکدا ڕایگەیاند: دوای سەردانەکێی سەرکی هەرەم بە ئێران توانی ئەو بەستەلەکە بمرەنتەوە کە ماوەیەک بوو لە پێوەندییەکانی ئێران و هەرەمی کوردستان هەستی پێکرا.

سەرکی پارتی سیالیست ئاماژێی بەوەشکردووە کە سەردانەکێی سەرکی هەرەم بە تاران هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرەمی کوردستانی لە (10ـی حوزەیرانی 2024) دواخست، چونکە وەک دەزانرێت ماوەیەکی زۆر کێشە هەبوو لەناو هەرەمدا لەسەر بابەتی هەڵبژاردن و بەغداو کەمسیۆنیش سوربوون لەسەر هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا، بەڵام کە سەرکی هەرەم سەردانی تارانی کرد، هەشتا لە ئێران بوو کە لە بەغدادەوە هەڵبژاردن دواخرا و کەمسیۆنیش ئەو پێستراتیژی ناردی بە ئیمارات لە چاپکردنی وەستاند.

مەحەمەدی حاجی مەحموود لەمیانەی بەشداری لە چاوپێکەوتنێکی میدیای دەنگی ئەمریکا وتیشی: پەم وایە هەرەمی کوردستان و هەم ئێرانیش گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە پەوستییان بەیەکترە.

سەبارەت بە سەرەوەری عێراق، مەحەمەد حاجی مەحمود دەڵێت: ئێستا عێراق وەکو دەوڵەت بوونی نیە و سەروەری نیە، گەورەترین بنکەی سەربازی تورکیا لە بەعشیقەیە (موسڵ) ڕۆژانە فڕۆکە و ئۆتۆمبێلی سەربازی هاتووچە دەکەن، لەهەر وەاتەکدا یەک سەربازی ئەو وەاتە لە وەاتەکی تر بەت و سنوری

بەزاندبێت، سەرکی وەاتی داگیرکار پێشوازی لێناکرێت تا نەکشێتەوە، کەچی عێراق شش مانگ حەفلەی کرد لەبەرئەوەی ئەردەغان سەردانی کرد.

شایەنی باسە، ڕۆژی 5ـی ئایاری 2024، سەرکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی سەردانی تارانی کرد و لەگەڵ ڕەبەری باڵای ئێران عەلی خامنەیی و سەرک کەماری کەچکردووی ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی، هەروەها لەگەڵ مەحەممەد باقر قالیبیف، سەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران کەبووە.

سەردانەکەی سەرکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی ماوەی دوو ڕۆژی خایاند، لەم سەردانەدا لەگەڵ چەند بەرپرسی باڵای ئێران کەبووە بە هاریکاریی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران.